# سەبارەت بەخۆپیشاندانە جەماوەریو خۆرسکەکەی سەیدسادق

✍️ مەحموود عەبدولکەریم

خۆپیشاندانەکەی ساڵی پاری سەیدسادق، یەکێك بوو لەو ڕووداوە گەورە و گرنگانەی کە چووەتە تۆماری مێژووی هەرێمی کوردستان و بە یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی سەیدسادق ئەژمار دەکرێت. ئەو خۆپیشاندانە لە کاتی خۆیدا هەندێك خوێندنەوەی بۆ کرا و نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە ڕەهەندە جیاجیاکانەوە سەرنجی خۆیان خستووەتە ڕوو، چونکە ئەو خۆپیشاندانە ڕووداوێکی سادە و سانا نەبوو، بەڵکوو جەرەیانی چەند ڕۆژی خۆپیشاندانەکە ئەوەی سەلماند کە



ڕووداوێکی مەزن بوو. لەگەڵ ئەوەدا پڕ بوو لە مانا و مەدلوولی شێلراو بە نادادگەری و پەراوێزخستن و سەقەتی لە سیستمی بەڕێوەبردن و کپکردنەوەی دەنگی خەڵك و پێشێلکردنی ئیرادەی خەڵك.

بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕووداوە، لێرەدا بە کورتی سەرنجتان بۆ ئاماژەکانی گرنگی و گەورەیی ئەم ڕووداوە ڕادەکێشم، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

یەکەم: خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق، خۆپیشاندانێکی جەماوەریی خۆڕسك بوو. سەرەتای خۆپیشاندانەکە هیچ لایەنێکی سیاسی دەستی نەبوو لە هەڵگیرساندنی، بەڵکوو کۆمەڵێك گەنج و چالاکی مەدەنی و خوێندکار و قوتابیی دانەمەزراو، دەست پێشخەر بوون لە ئەنجامدانی، ئەویش بە ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك. پاش شەهیدبوونی (بڕیار حەسەن) لە ڕۆژی یەکەم، ڕۆژانی دووەم و سێهەم بەشێوەیەکی بەرفراوانتر خەڵکی شارەکە بەشدارییان کرد، لە هەموو چین و توێژەکان و لایەنگرانی زۆربەی حیزبەکان.

دووەم: حکومەتی هەرێمی ڕاچڵەکاند لە ئاست کەمتەرخەمی و پەراوێزخستنی قەزای سەیدسادق و حساب نەکردن بۆ دانیشتووانەکەی و کەمیی ئاستی خزمەتگوزاری و گرنگی نەدان بە بوارە جیاجیاکانی ژیانی خەڵك.

سێهەم: یەکەم خۆپیشاندان بوو پاش خۆپیشاندانەکانی ١٧ ی شوباتی ساڵی (٢٠١١) کە سەدایەکی گەورە دروست بکات، زۆر کەس بڕوای نەبوو خۆپیشاندانێك لەو جۆرە سەرهەڵبدات پاش خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات، بەلای هەندێك لە ڕووناکبیرانی کوردیشەوە خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق درێژەپێدەر و ژیلەمۆی ١٧ ی شوبات بوو.

چوارەم: خۆپیشاندانێکی هێمنانە و ئاسایی نەبوو، بەڵکوو توندوتیژی تێیدا ڕووی دا و بووە هۆی شەهیدبوونی (بڕیار حەسەن) و بریندار‌بوونی دەیانی تر، هەر ئەوەش وای کرد خۆپێشاندانەکە درێژە بکێشێت و خەڵك زیاتر بەشداری بکەن و بە ئاسانی خامۆش نەبێت.

پێنجەم: خۆپیشاندەران بە حکومەت و ڕایگشتیی کوردستانیان ڕاگەیاند، ناکرێت بەبێ ویستی خەڵك خۆی نەخشەی جوگرافی و ئیدارەی شارەکەیان بگۆڕێت و ڕاشکاوانە وتیان دەبێت ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی سەیدسادق بگرێت و خۆیان خاوەنی بڕیاربن.

شەشەم: بەردەوامیی خۆپیشاندانەکە توانیی حکومەت بهێنێتە سەر هێڵ و لەسەر ئاستی باڵا سەردانی شارەکە بکەن، دواتریش نوێنەرانی شارەکە سەردانی سەرۆکی حکومەت بکەن و داواکاری و پێشنیارەکانیان بگەیەنن بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

حەوتەم: ئەم خۆپیشاندانە توانیی سێ بەرپرسی باڵای قەزاکە بگۆڕێت و لەسەر کار لایان ببات، کە قائمقام و سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری پەروەردە بوون. بێ گومان ئەگەر فشاری خۆپیشاندەران نەبووایە، ئەستەم بوو ئەو بەرپرسانە دەستبەرداری پۆستەکانیان ببن.

هەشتەم: خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق یەکێك بوو لەو ڕووداوانەی بە درێژایی سێ ڕۆژ زیاتر میدیای کوردیی جەنجاڵ کردبوو، بەشێوەیەك زۆرترین پەخشی ئەو کەناڵانە لەسەر خۆپیشاندانەکە بوو وە بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕووماڵی ڕووداوەکانیان

دەکرد، دەتوانین بڵێین کەناڵە ئاسمانییەکان ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە زیندووڕاگرتنی ئەو خۆپیشاندانە.

نۆیەم: خۆپیشاندانەکە توانیی چەندین ئەندام پەرلەمان لە سەرجەم لیستەکان بهێنێتە سەیدسادق و هەوڵی هێوەرکردنەوەی بارودۆخەکە بدەن و پشتیوانیی خۆیان بۆ داواکاریی خۆپیشاندەران دەرببڕن و ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە هێوەرکردنەوەی بارودۆخەکە.

ماوەتەوە بڵێین خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی سیاسی و ئیداریی قەزای سەیدسادق و زۆر مانا و چەمکی گۆڕی، بەڵام وێڕای ئەوە حکومەتی هەرێم بەشێوەی مەیدانی نەیتوانی گۆڕانکاری بکات لە بواری خزمەتگوزاری و ئاوەدانیی ئەو شارە، ئەویش بە بیانووی قەیرانی بودجە، لەکاتێکدا بەشێك لەو داواکارییانە کە حکومەت بەڵێنی جێبەجێکردنی دابوون، هێندە بودجەی نەدەویست و هەندێکی تەنها پێویستی بە بڕیارِ بوو.